مەندەلاوی داواکاریەک ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و ئاسایش و بەرگری دەکات کە تایبەتە بە چونەدەرەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق

نوسینگەی راگەیاندنی پەرلەمانی عێراق بڵاوی کردەوە، سەرکی پەرلەمان بە وەکالەت داوای لە حکومەتی عێراق و لیژنەی یاسا و ئاسایش و بەرگری کردووە بە دورخستنەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق و کۆتایی هێنان بە ئەرکەکانیان.

ئەمە شەممە، نوسینگەی راگەیاندنی پەرلەمانی عێراق بڵاوی کردەوە، موحسین مەندەلاوی سەرکی پەرلەمانی عێراق بە وەکالەت بە واژەی ١٠٠ ئەندام پەرلەمان داوایەکی ئاراستەی لیژنەی یاسا و ئاسایش و بەرگری کردووە بە دورخستنەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق.

ئاماژە بەوەش کراوە، موحسین مەندەلاوی داوای لە حکومەتی عێراق کردووە بەیاری ژمارەی ١٨ـی پەرلەمانی عێراق بە ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ بکات بە دورخستنەوەی هێزە بیانییەکان و کۆتایی هێنان بە ئەرکەکانیان لە عێراق.

هاوکات، لە داواکەی موحسین مەندەلاویدا ئەوەش هاتووە کە نابێت هیچ رەکەوتنەکی نوێ لەگەڵ هێزە

بیانییەکان بکرێت بە مانۆویان لە عێراق.